# دەستان خۆش و خۆپیشاندانتان بەجۆش بێت!

دوێنی 14ی ئازار خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کە دانیشتوی چەمچەمالن، ڕێپێوانیکی هێمنانەیان ڕیکخست لە زانکۆوە بەرەو باڵەخانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. خواستی سەرەکی خوێندکاران دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بوو لە چەمچاڵ و هەروەها کردنەوەی بەشەکانی زانکۆو پەیمانگا لە چەمچەماڵ... ئەگەرچی ئەم خۆپیشاندانەی خوێندکاران وەك ناڕەزایەتی خویندکارانی کۆیە نەداریە بەر ریزی گوللە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بوو ژمارەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش کەمتر نەبون لە خوێندکارەکان!!

پاش ئەوەی کە خوێندکاران رازی نەبون نوێنەر هەلبژێرن و هەروەها چاوپێکەوتنی عیماد ئەحمەدیان رەت کردەوەو سوربون لەسەر ئەوەی کە چاویان بە عومەر فەتاح بکەویت، بەلام سەرۆکی ئیدارەی سلێمانی پاش 4 سەعات هاتە لای خویندکاران و وەکو پەیمان و بەلێنەکانی پێش هەڵبژاردنی بەهەمان شێوە پەیمان و بەلێنی پێدان.

خۆپیشاندانی ئەمجارەی خوێندکارانی چەمچەمال، نیشاندەری ئەو راستییەیە، کە خوێندکاران و لاوان، لەئەمڕۆدا دەتوانن لەریزی پێشەوەی خەبات و نارەزایەتی خەڵکی کوردستان دا جێگا بگرن و ڕۆڵی پێشرەوانەی خۆیان بگێڕن لە پێناو بەدیهێنانی خواست و داوکارییەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری و مۆدێرنەکردنی سیستەمی خوێندن و لە دژی گەندەڵی و لە پێناو مافە سیاسی و فەردییەکاندا. خویندکارانی چەمچال دوینیێ بەحەق ڕۆڵی پێشڕەوانەی خۆیان بینی وەك پێشەنگی خەڵکی چەمچەمال لەپێناو دابینکردنی خواستەکانی خەڵکی ئەمشارەدا.

خوپیشاندانی دوێنیێ سەرەڕای ئەوەی لەلایەن ژمارەیەك لە خویندااکارنی زانکۆوە پشتیوانی لیکرا، بەڵام بەگشتی خۆپیشاندانێکی ڕیکخراوو وە یەکگرتوو نەبوو. خۆپیشاندان و شێوەکانی دیکەی ناڕەزایەتی لە پێشەوە پێویستی بەوەهەیە کە نوێنەرانی خۆیان و هەروەها خواست و داواکارییەکان بەشێوەیەکی رۆشن دیارکرابن و نوسرابن و لەلایەن نوێنەرانەوە بخرێتە بەردەست بەرپرسان. لە هەمانکاتدا خویندکارانی چەمچەمال پێویستیان بەوە بوو ، کە پێشتر لە چەمچەماڵدا خۆیان ئامادەبکردایەو دانیشتوانی شاریان رێکبخستایە بۆ ئەوەی کە لەهەمان رۆژدا لە چەمچەمالیش، دانیشتوانی شارەکە ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕیایەو خواستەکانیان بخستایەتە ڕوو.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، هاوپشتی و پشتیوانەی بێدریغی خۆی لە ناڕەزایەتی خوێندکارانی چەمچەماڵ و تەواوی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان، دەکات لە پێناو بەدیهێنانی دواکارییەکانیاندا. دەستان خۆش و خۆپیشاندانتان بەجۆش بێت.

## خوێندکاران، لاوانی ناڕازی!

ئەمڕۆ لە هەرکاتێك زیاتر کۆمەڵی کوردستان پێویستی بە وزەو توانای ئیوە هەیە لە پێناو دابینکردنی خواست و داواکاریەکانیاندا، لەدابینکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە بگرە لە چەشنی دابینکردنی ئاوو کارەباو ڕیگاو بانی قیرتاوکراوو ... تا دەگاتە خواستی بەرزبونەوەی موچەو دەرماڵەکان و تا داواکاری ئازادییە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکان و جێسختنی فەرهەنگ و تەقالیدی مۆدیڕن، کە بگونجێت لەگەل هیواو ژیانی ئێوەدا. لە پێناو دابینکردنی خواست و داوکاریەکانی خۆتان و خەڵکی کوردستاندان پێویستیتان بەوەهەیە کە ریزەکانی خۆتان ڕیکخراوو یەکگرتوو بکەن. ئەمڕۆ لە زانکۆکانی کوردستان دەیان دەستەو تاقمی جۆراوجۆری خوێندکاران هەیە، کۆکردنەوە ڕیکسختن و خۆ ئامادەکردنی ئەم دەستەو تاقمانە لەلایەن هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی خوێندکارانەوە دەکرێت سەرەتای پێکهێنانی ڕیکخراوەیەکی سەرتاسەری و یەکگرتووی ناڕازی و ڕادیکالی ئیوە بیت، کە پاریزگاری بکات لە خواست و ویستە ئینسانیەکانتان و پشتیوانی بێدریغی خەڵکی کوردستان بێت. ئەمە ڕیگایەکە کە پێویستە خویندکاران بە شێوەیەکی فەوری دەستی پێبکەن.

**ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/3/15